# سەرچاوەی سروشتی سوریاو رۆژئاوای کوردستان

ئاژانسی زانیاری وزە

وەرگێران بەدەستکارییەوە: ئەنوەر کەریم



ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆران/ گۆشەی ئابوری

**Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010**

**Email: research.gorran@gmail.com**



**تشرینی دووەمی ٢٠١٩**

# سەرچاوەی سروشتی سوریاو رۆژئاوای کوردستان

**وەرگێران بەدەستکارییەوە: ئەنوەر کەریم**

**سەرچاوە: ئاژانسی زانیاری وزە**

**لەمانگی ئابی ٢٠١١ بڵاویکردوەتەوە، وەک کۆتا راپۆرت دەربارەی نەوت و گازی سوریا**

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆران/ گۆشەی ئابوری
Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010
Email: research.gorran@gmail.com
تشرینی دووەمی ٢٠١٩

## پێڕست

دەستپێک ........ ٣
کەرتی نەوت ........ ٤
بەرهەمی نەوت ........ ٥
هەناردەی نەوت ........ ٧
بۆریەکانی نەوت ........ ٨
پاڵاوگەکان ........ ٩
گازی سروشتی سوریا؛ ........ ١٠
بەرهەمی گازی سروشتی ........ ١١
هەناردەی گازی سروشتی و بۆرییەکانی سوریا ........ ١٢
بۆری گازی عەرەبی (AGP) ........ ١٣
گازی ئازەربایجان ........ ١٣
بۆری گازی ئیسلامی ........ ١٣
سەرچاوەکان ........ ١٤

## دەستپێک


ڕاوێژکاری پێشوی ئاسایشی ئەمریکا جەنراڵ (مەک ماستەر) گوتی "ئەو ناوچەیەی ئێستا هێزە تایبەتەکانی ئێمەو هێزەکانی سوریای دیومکرات (هەسەدە)ی لێیە، لە ٦٥٪-٧٠٪ سەرچاوە سروشتیەکانی نەوت و گازی سوریای تیادا کۆبوەتەوە. ئەمە ئەوەیە کە ڤلادیمێر پوتین و بەشار ئەسەدە زۆریان پێویستە. هەربۆیە ڕوسیا بەهۆی روسە بەکرێگیراوەکانییەوە[1] لە١ ئەیپڕڵی ساڵی ٢٠١٨ دا پەلاماری ئێمەیاندا لەدێرەزور". ئەردۆغانیش مەبەستە سەرەکیەکەی تەنها داگیرکردنی ئەم ناوچانەیە بۆ ئەوەی دەستبگرێت بەسەر ئەو سامانە سروشتیانەدا، چونکە تورکیا ساڵانە بایی نزیکەی ٥٠-٦٠ ملیار دۆلار وزە دەکڕێت، ئەمەش بەشێکی گەورە لە بودجەو توانای داریی تورکیا بۆ خۆیی دەبات .

سوریا تاکە وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست (ئوردن و لبنان و ئیسرائیل و فەلەستین) کە بەرادەیەکی کەم نەوت بەرهەدەهێنێت و خاوەنی نەوتە. سوریا هەتا ساڵی ٢٠١٠ ڕۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی دەردەهێنا، لەگەڵ گازی چڕو شلدا، لەو کاتەدا نزیکەی هەموو نەوتەکەی هەناردە دەکرد بۆ ئەوروپا، گازە سروشتیەکەشی بەکاردەهێنا بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوتەکەی و ووزەی کارەبای ناوخۆ. هەرچەندە سوریا تاڕادەیەک گازو نەوت بەرهەمدەهێنێت، بەڵام لە ڕوی ستراتیجەوە شوێنەکەی گرنگە و ڕێگایەکی چاوەڕوانکراوی ترانزێتە بۆ یەکێتیەکی وزە. لەئایندەشدا پلانێکی درێژخایەن هەیە بۆ زیادکردنی بۆری گازو نەوت لە نێوان سوریاو دراوسێکانیدا، بەتایبەت عێراق و تورکیا و ئێران.

نارەزایەتیە سیاسیەکان کە لە ناوەراستی مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١١ دەستیپێکرد دژ بە دەسەڵاتی سوریا، حکومەتی سوریای هاندا بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکانی لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا. ئەمەش بوە هۆی سەپاندنی سزا بەسەر کەرتی وزەی سوریادا، لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١١، لەلایەن ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاوە.

---

[1] بەکرێگیراوەکانی ڕوسیا: چەند کۆمپانیاکەی سیکوریتی روسین، کە سەر بەکەرتی تایبەتن لە روسیا، ئەمانە لە چەند ووڵاتێک شەڕدەکەن لە جیاتی سوپای ڕووسی و کۆ شکی کریملین . بەنمونە لە یۆکرانیاو سوریاو لیبیاو ڤەنزوێلاو ئەفریقادا ... هەن، گرنگترتین کۆمپانیای بەناوبانگی (واگنەر گروپ) کە بەڕێوبەرەکەیان (یڤاگنی پرتیڤۆژن ) کە زۆر نزیکە لە ڤلایمیر پوتین سەرۆکی ڕووسیاوە.





## کەرتی نەوت

بەرهەمی کەرتی نەوتی سوریا تا ناوەراستی سالآنی نەوەدەکانی سەدەی رابردودا، روی لەپاشەکشە کرد. لەبەرامبەردا خواستی نەوت بەرە بەرە زیادی دەکرد لە لایەن خەڵکی سوریاوە، حکومەتی سوریاش سیاسەتی پاڵپشتی بۆ بەرهەمە نەوتیەکان دەستپێکرد، بەجۆرێک حکومەتی سوریا ٣ ملیار دۆلاری لەو پێناوەدا خەرجکرد.

تاساڵی ٢٠١٠ دا زۆربەی پێویستی بەرهەمە نەوتییەکانی سوریا دەبوو لەدەرەوە هاوردە بکرێت. بەجۆرێک کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا باڵانسی بازرگانی لە نێوان هاوردەو هەناردەی کەرتی نەوتی سوری

تەنها ١٠٠ ملیۆن دۆلار جیاوازییەکەی بوو بە نێگێتڤی، ئەمە لە کاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٦دا باڵانسی بازرگانی ١.٩ ملیار دۆلار بووە لە قازانجی حکومەتی سوریا، دواتر حکومەتی سوریا پلانێکی درێژ خایەنی دارِشت بۆ ئەوەی ئەو پاڵپشتیە داراییەکان ببرِێت، بەڵام بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١١ ئەو پلانە جێبەجێ نەکرا.




## بەرهەمی نەوت

بەپێی راپۆرتی رۆژنامەی جۆرناڵی نەوت و گازی ئەمەریکی، سوریا لە ١-١-٢٠١١دا یەدەگی نەوتی ٥،٢ ملیار بەرمیل نەوت بووە، هەروەها خاوەنی ٨،٥ تریلیۆن فوت سێجا گازی سروشتییە. (سوریا یەدەگی نەوت وگازەکەی دەکەوێتە رۆژهەڵاتی باکوری سوریاوە، واتە کوردستانی سوریا، کوردەکان پێیدەڵێن رۆژئاوای کوردستان، کە هاوسنورە لەگەڵ عێراق و تورکیادا).

نەوتی قورس لە ٦٠٪ بەرهەمی نەوتی سوریا پێکدەهێنێت کە بەرهەمەکەی لەساڵی ٢٠١٠ تەنها ٣٨٧ هەزار بەرمیل بووە لە رۆژێکدا . گەورەترین کێڵگەکانی نەوتی سوری کە پێکدێن لە کێڵگەکانی (عومەر فورات کە توانای بەرهەمهێنانی ١٠٠ هەزار بەرمیل) و کێڵگەی (جبیسە کەتوانای بەرهەمهێنانی ٢٠٠ هەزار بەرمیل) بووە لەرِۆژێکدا . وە هەروەها کێڵگە نەوتیەکانی

(ئودح و جبیب و تشرین) ئەم کێڵگانە لە لایەن کۆمپانیای چینی  CNPC و  SINOPIC بوو لە ژێر نۆژەنکردنەوەدا بوون و بەرهەمیان بەرەو زیادبون دەڕۆیشت.

 گەورەترین بۆرد (کۆنسۆرتیۆمی بیانی) کە بەناوی (کۆمپانیای پێترۆڵێۆمی فورات) لەساڵی ١٩٨٥ دامەزرابوو وە لە کۆمپانیای پێترۆلێۆمی سوری  هاوبەش  لە ٥٠٪ پشکی هەبوو، لە ٢٩.٧٪ بۆ کۆمپانیای شێڵ بووە و ٢٠.٣٪  بۆ CNPC چینی  بووە.

وەبەرهێنانی بیانی گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ  زیادکردنی  بەرهەم  و گەشەکردنی کەرتی نەوت و دەرهێنان(ئەپستریم)ی کەرتی نەوت،   ئەمە پەیوەندی هەبوو بە کۆمپانیای پیترۆڵێۆمی سوریەوە، ئەم کۆمپانیایە ڕاستەوخۆ  کۆنترۆڵی کەرتی نەوتی سوری کردبوو لە ٥٠٪ تری پشکی هەبوو لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان بۆ گەشەکردنی کەرتی نەوتی سوری. کۆمپانیای پیترۆڵیۆمی سوری بەرپرسیاریەتی ئەوەی وەرگرت کە بەرهەم زیادبکات، لەو کاتانەی کە بەرهەمی نەوتی سوری پاشەکشەی کردبوو، ئەم کۆمپانیایە بڕیاریدا گەڕان و پشکنین و زیادکردنی بەرهەم زیادبکات لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکانی تردا،  کە پێکەوە بۆردەکەیان (کۆنسیۆرتۆم) پێکهێنابوو. ئەوکات ئەمریکا سزای لەسەر کۆمپانیا ئەمریکیەکان دانابوو تا لەسوریادا کارنەکەن، بەم هۆکارەش ئەوانەی لە کەرتی نەوتی سوریا کاریان دەکرد هیندیەکان و چینیەکان  و ئەوروپیەکان بوون .

کاتێک کە موزایەدەی نەوت (ئۆکشن) بۆ گرێبەستەکان کرایەوە  لە ساڵی ٢٠١٠ دا، خولی یەکەم بۆ  ٨ بلۆکی نەوتی بوو  لەناو سوریادا،  ئەوکات کۆمپانیای  تۆتاڵی فەرەنسی  و کۆمپانیای پیترۆکەندی  یەکەم  ئیجازەی کارپێکردن (لایسنس)یان وەرگرت لەمانگی مایسی ساڵی ٢٠١١دا. هەروەها سوریا کەنارە ئاویەکان (ئۆف شۆر)ی کردەوە بۆ گەشەکردنی بیرەکان، چاوەڕێ دەکرێت گازی سروشتی تێدابێت. بەو هۆیەوە وەزارەتی بەرهەمە نەوت و سەرچاوە کانزایەکانی سوریا ٣ بلۆکیان کردەوە لە کەنارە ئاویەکانی  سوریادا  لە ئازاری ٢٠١١دا، لە ٥ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١١دا کۆتا ڕۆژ بوو بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان .

 هەروەها وەزارەتی بەرهەمە نەوتیەکان کانزاو سروشتیەکانی سوریا و دامەزراوەی گشتی جیۆلۆجی و سەرچاوە کانزایەکانی سوریا،  ئاگاداریان بڵاوکردەوە کە خولێکی تر بۆ  تەندەر بۆ گەشەپێدانی کێڵگە نەوتیەکانی (شەیڵ ئۆیڵ) لە ناوچەی ئەلخەنسەر کە ٦٠ میل  لە ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی  شاری حەڵەبەوە دورە.  ئەم خولە  پێکهاتوە  لە ١٤ بلۆکی نەوتی  کە پێشبینی

دەکرێت  ٣٩ ملیار تەن نەوتی تیابێت. واتە ٢٨٥ ملیار بەرمیل  نەوت، ڕۆژی پێشکەشکردنی تەندەرەکان دەبوو  ٣٠-١١-٢٠١١  بێت .

| Current Year* Production by Field Operator | | | |
|---|---|---|---|
| Operator | Liquids ('000 boe/d) | Liquids & Gas ('000 boe/d) | Share of non-Syrian Total (%) |
| CNPC | 11.8 | 11.8 | 5% |
| DEZPC | 24.6 | 45.2 | 20 |
| Gulfsands | 22.5 | 22.5 | 10 |
| HayanPetrol | 9.8 | 24.1 | 11 |
| Shell | 80.2 | 85.6 | 39 |
| Sinopec | 13 | 13 | 6 |
| SuncorEne | 4.5 | 18.5 | 8 |
| Syrian Gas | 8.4 | 45.6 | |
| Syrian PetCo | 203.4 | 243 | |
| **Grand Total** | **378** | **509.4** | |


### هەناردەی نەوت

سوریا ٣ بەندەری  هەناردەی نەوتی هەیە  لەسەر دەریای ناوەڕاست هەمووشیان بەڕێوە دەبرێن لە لایەن کۆمپانیای سوری بۆ گواستنەوەی نەوت.  ئەوانیش بەندەرەکانی ( بەنی یاس  ٧ بێرسس + تەرتوس ٢بێرسس + هەروەها بەندەری گەورەی لازقیە)، ئەم بەندەرەش  لە هەردوو بەندەرەکە دیکەی گەورەترە.  بەندەری لازیقیە  پاپۆڕی بچوکتری لێباردەکرێت، ئەم تێرمیناڵە بەستراوەتەوە بە پاڵاوگەکانی ناوخۆوە  لەسەر بۆری نەوتی ناوخۆی سوریا .

سوریا دوو جۆر نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات، ئەوانیش نەوتی سووک لەگەڵ نەوتی سوەیدە (نەوتی قورس)، لە ڕێگای کۆمپانیاکانی بەبازارکردنی نەوتەوە کە پێدەوترێت (sytrol). نەوتی قورس بە سێ لەسەر چواری  هەناردەی نەوتی سوریا دادەنرێت.  سوەیدە کە نەوتێکی زۆر قورسی هەیە، پڕە لە سۆلفات کە لە لایەن  نەوتی نیشتمانی سوریەوە بەرهەمدەهێنێت، لەهەردوو لە کێڵگەکانی (سوەیدە) و (جێبسە) کە لە دوو لە کۆنترین  کێڵگەکانی نەوتی سوریان . نەوتی

سوکی سوریا بەرهەمدەهێنرێت کە  تێکەڵە یەکە  لە لایەن کۆمپانیای ڕۆیاڵ دەچ شێڵ و AFPC، بەشێکی کەمتریش  کە لەناوچەی دێر ئەلزورە کە پرۆژەیەکی تۆتاڵی فەرەنسیە بەرهەمدەهێنرێت.

لەوکاتەشدا هەناردەی نەوتی سوریا بەتەواوی دەڕۆیشت بۆ  وڵاتانی  ئەوروپا، بەتایبەتی ئەڵمانیاو فەرەنساو  ئیتاڵیاو هۆڵەندا .




### بۆریەکانی نەوت

 سوریا بۆریەکانی نەوتی لە ناوخۆی ولاتەکەیدا بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوانە دامەزراندبوو، بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی، کە لە لایەن کۆمپانیای SCOT بەڕێوە دەبرا ، بۆریەک کە درێژیەکەی ٣٤٧ میل بوو بۆ تەرتوس کە دەیتوانی ٢٥٠.٠٠٠ هەزار بەرمیل  بگوازێتەوە  لەو کێڵگانەی کە کۆمپانیای پێترلێۆمی سوری SPC  سەرپەرشتی دەکرد، وە لەکێڵگە نەوتیەکانی

تریپشەوە دەڕۆیشت بۆ تەرتوس کە بەسترابونەوە بە پاڵاوگەیەکەوە لە شاری حمس، لەوێشەوە بە بۆری بەرهەمەنەوتیەکان دەڕۆیشتەوە بۆ شارە گەورەکانی سوریا.

دوو بۆری وەک ترانزێت بەناو سوریادا دروستکران، یەکێکیان لە سعودییەوە بۆ سەر دەریای ناوەراست، بۆریە سعودییەکە ساڵی ١٩٤٠ دروستکرابوو، کە رۆژانە ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی سعودیەی گواستۆتەوە بۆ بەندەری هەناردەی نەوت لە لوبنان، بەڵام لەساڵی ١٩٧٠ دا ئەم بۆریە داخرا، لە بەرئەوەی لەڕوی ئابورییەوە قازانجی نەدەکرد، هەرچەندە پێشنیار کرا بۆ جێگرتنەوەی ئەو بۆریە بەڵام تائیستا بۆریەکە هەرداخراوە .

بۆری دووهەم دروستکرا لە ساڵی ١٩٥٠دا ، کە نەوتی کەرکوکی لە باکوری عێراقەوە دەگواستەوە بۆ بەندەری بەنی یاس لەسوریا، دوای بۆ ترابلسی لوبنان. ئەم بۆریە درێژیەکەی ٨٠٠ کم وە لەسالی ٢٠٠٠ دا نوێکرایەوە، بەڵام جارێکی تر داخرایەوە لەکاتی جەنگی ٢٠٠٣ی عێراقدا .

دواتر وەزیرانی عێراق و سوریا دەستیان کرد بەدانوستاندن بۆ نوێژنکردنەوەی ئەو بۆریە، کە بەهۆی کردوە تیرۆریستەکانەوە کێشەی بۆ دروست بوو بوو، هەروەها دروستکردنی بۆریەکی نوێ لە ١-٦-٢٠١١ دا، بەو بۆنەیەوە عێراق و سوریا یاداشتنامەیەکی لێک تیگەیشتنیان واژۆکرد، بەمەبەستی چاکردنەوەی ئەو بۆریە کە بتوانێت رۆژانە ٨٠٠.٠٠٠ بەرمیل نەوتی قورس بگوازێتەوە، هاوکات بۆریە کی نەوتی نوێ دروستبکرێت کە بتوانێت ١.٢٥٠.٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی سووک بگوازێتەوە .

## پاڵاوگەکان


توانای تەواوی پاڵاوگەکانی سوریا ٢٤٠ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١١ دا بەپێی ڕۆژنامەی جۆرناڵی نەوت و گاز، پاڵاوگەی (بنی یاس) و (حمس) کە هەردوکیان پاڵاوگەی حکومین، توانای پاڵاوتنیان ١٣٣ هەزار و ١٠٧ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا . لە توانای پاڵاوتندا سوریا ڕوبەڕوی کەمی پاڵاوگە بوو بووەوە، هاوکات نەیدەتوانی بەشی پێویستی ناوخۆ دابینبکات . بەڵام کۆمپانیا بیانیەکانی نەوت نەیاندەویست وەبەرهێنان بکەن، بەبێ پشتیوانیەکی زۆری حکومەتی سوریا .

له مانگی دیسمبەری ساڵی ٢٠١٠ دا سوریاو ڤەنزویلا یاداشداتێکی لێکتێگیشتنیان واژۆ کرد، بۆ دروستکردنی پاڵاوگەیەکی ١٤٠هەزار بەرمیلی، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی چینی لەسوریادا پرۆژەیەکی هەبوو بۆ دروستکردنی پاڵاوگەیەک کە توانای ٧٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەبێت لە ناوچەی دێرە زور، بەڵام بڕیار بوو لەساڵی ٢٠٠٨ دا دەستپێبکات، بەڵام ئەمەش نەکرا.

## گازی سروشتی سوریا؛

یەدەکی گازی سروشتی سەلمێنراوی سوریا بە ( ٥،٨ تریلیۆن فوت سێجا TCF) دانراوە. لە ڕۆژی ١ی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١١ بەپێ ڕۆژنامەی جۆرناڵی نەوت و گاز، ئەو گازانەی کە لەگەڵ گازی سروشتین یاخود و لەگەڵ گازی سروشتی نین، دەکەوێتە ناوچەی خۆرهەڵاتی سوریاو ناوچەی ڕۆژهەلاتی فوراتەوە (ڕۆژئاوای کوردستان)، لەگەڵ ناوەڕاستی سوریادا ،

بەگشتی یەک لەسەر چواری ئەو گازای کە لە سوریادا بەکاردێت جارێکی تر دەکرایەوە ناو کێڵگە نەوتیەکان تا ساڵی ٢٠٠٩. بەشە زۆرەکەی دیکەی دەدرا بەوێستگەکانی کارەباو بۆ هۆکارەکانی تری بەکاربردن بەکاردەهێنرا. هەموو وێستەگەکانی دروستکردنی کارەبا گۆڕان بۆ ئەوەی بەگازی سروشتی کار بکەن، هاوکات چاوەڕوان دەکرا بەکارهێنانی گاز لە ناوخۆدا بەرزبێتەوە، سوریاش پلانتی دروستکرد بۆ هەناردەکردنی گازی سروشتی.




## بەرهەمی  گازی سروشتی

گازی سروشتی بۆ سوریا  گرنگە،  هەرچەندە سوریا یەکێك نیە لە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی گاز لە ناوچەکەدا.  لە ساڵی ٢٠٠٩ دا سوریا ٢١٩  bcf ملیار فوت سێجای  گازی سروشتی ساڵانە بەرهەمدەهێنا،  لەگەڵ ئەوەشدا ٢٥١  bcf بەکاردەهێنا،  ساڵانە واتە ٣٢ bcf هاوردە دەکرد. سوریا لەساڵی ٢٠٠٤دا گەیشتە زۆرترین ڕادەی بەرهەمهێنانی گاز، کە ٢٥٢ bcf بوو، چاوەروان دەکرا کێڵگەیەکی تر  بکەوێتە بەرهەم. بەم هۆیەشەوە تەندەر پێشکەشکرا بوو لە ئازاری ساڵی ٢٠١٠دا.  ئەو تەندەرانە بۆ ٨ بلۆک بوو،  لەناو خاکی سوریادا، کە کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی وکۆمپانیای پێترۆ کەنەدا، یەکەم ئیجازەی کارکردنیان پێبەخشرا.

ئەوکات سوریا کەنارە ئاویەکانی کردەوە بۆ گەشپێکردنی کێڵگەکانی، ئەم ناوچەیە چاوەڕیدەکرێت کە گازی سروشتی تیادابێت، وەک بلۆکەکانی تر لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست.  ئەو گازە زۆرەی کە لە کەنارەکانی ئیسرائیلدا دۆزرایەوە،  وایان کرد لە لوبنان و قوبرس و سوریادا بگەرێن بەدوای گازدا، (لەئێستاشدا کەنارە ئاویەکانی قوبرس لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوەو لەوێ خەریکی دەرهێنانی گازە) .

دوای ئەوەی خولی یەکەمی تەندەرەکان  لەساڵی ٢٠٠٧ دا سەرکەوتونەبوو،  وەزارەتی کانزاو سامانە سروشتیەکانی سوریا لە گەڵ کۆمپانیای گشتی نەوتی سوریا،  ٣ بلۆکیان  لە کەنارە ئاویەکاندا دەستنیشانکرد بۆ بە بەخشینی تەندەر،  لە ئازاری ساڵی ٢٠١١، دوا کۆتا بۆ ڕادەستکردنی کۆنتراکتەکان،  لە ڕۆژی ٥ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١١دا .




## هەناردەی گازی سروشتی و بۆرییەکانی سوریا

سوریا پلانی هەبوو بۆ ئەوەی ببێت بە هەناردەکاری گازی سروشتی، یەکەم بۆری هەناردەکردنی گازی لەساڵی ٢٠٠٣ بۆ لوبنان تەواوکرد، هەرچەندە تا ساڵی ٢٠٠٩ سوریا گازی هەناردە نەکرد بۆ لوبنان. لەوکاتەشدا حکومەتی سوریا خۆی هاوردەکاری گازی سروشتی بوو، هە تا ناوەراستی ساڵی ٢٠٠٨. لەو کاتەی سوریا دەستیکرد بە هاوەردەکردنی گازی سروشتی بە بڕی BCFY 5 واتە پێنج ملیار فوت سێجای ساڵانە لە(میسر)، بە ناو بۆری گازی عەرەبی (AGP). سوریا ئەو خواستەی هەبوو کە ببێت بەترانزیت بە بەردەوامی بۆ هەناردەی گازی سروشتی میسر وعێراق و ئێران و ئازەربایجان. سوریا دەیویست لە ڕێگای ئەو ترانزێتەوە داهاتێکی باشی دەستبکەوێت، تا هەمیشە بتوانێت گازی دەستبکەوێت ئەگەر پێویستی بوو .

لەوکاتەشدا تۆڕی بۆری گازی سروشتی سوریا لەلایەن کۆمپانیای سوری بۆ دابەشکردن و خەزنکردنی بەرهەمە نەوتیەکانەوە بەڕێوە دەبرا .

## بۆری گازی عەرەبی (AGP)

بۆری گازی عەرەبی گازی میسری دەگوازێتەوە، لە میسرەوە بۆ ئوردن و سوریا، هەروەها میسر دەستیکرد بەتەزویدکردنی گازیش بۆ لوبنان. میسر گازی لە ڕێگای بۆری گازی عەرەبییەوە بۆ سوریا دەنارد، سوریاش لە ڕێگای بۆری سوریاوە گازی بۆ لوبنان دەنارد. لەوکاتەشدا بۆری گازی عەرەبی چەندین جار دوچاری کێشە بوو لە مانگی کانونی دووهەمی ساڵی ٢٠١١ دا .

ئەوەبوو لە یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن کە لە نێوان سوریاو تورکیادا لە ساڵی ٢٠٠٧ واژۆ کرا، بەو مەرجەی تورکیا ٥٦ میل بۆر لە ناو خاکی خۆیدا هەتا سەر سنوری سوریا دروست بکات، بۆ ئەوەی ببەسرترێت بە بۆری گازی عەرەبییەوە، لەسوریا دروستی دەکرد لە حەلەبەوە بۆ کییلیس، کە بڕیار وابوو تەواو بێت لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢دا، بەپێی ڕێکەوتنەکە کە دەبوایە تورکیا ساڵانە لە نێوان ١٧.٥ – ٣٥ bcfy لە گازی تورکی بدرێت بەسوریا بۆ ماوەی ٥ ساڵ.

## گازی ئازەربایجان

سوریاو ئازەربایجان پرۆتۆکۆڵێکیان واژۆکرد لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٠ دا، بۆ ئەوەی گازی ئازەر لە تورکیاوە بگاتە سوریا، گەیشتنی ئەمەش پەیوەندی هەیە بە تەواوبوونی بۆری گازی عەرەبییەوە، کە بڕیار بوو لە سوریا دەستپێبکات، تا بەتۆڕی بۆری تورکیاوە ببەسترێت، گازی ئازەربایجان بڕیار بوو لەسەرەتایی ساڵی ٢٠١٢ بە ڕێژەی ٣٥ bcfy و بکرێت بە دووهێندە بۆ ٧٠ bcfy هەتاساڵی ٢٠١٥.

## بۆری گازی ئیسلامی

ڕێکەوتنێک واژۆ کرا لە ٢٥ تەموزی ساڵی ٢٠١١دا، لەنێوان عێراق و ئیران و سوریا بۆ ئەوەی بۆریەکی گازی سروشتی گازی ئیسسلامی دروست بکرێت.

بەپێی ڕێکەوتنەکە دەبوو ٣١٠٠ میل بۆری دروستبکرێت، تا بتوانێت ١.٤ tcfy تریلیۆن فوت سێجا گازی ساڵانە هەناردە بکات، لە کێڵگەکانی باشوری پارس لە ئێرانەوە بەناو خاکی عێراقدا بۆ سوریاو و لوبنان، لەوێشەوە بۆ ئەوروپا. چاوەڕێش دەکرا ٣-٥ ساڵ بخایەنێت بۆ دروستکردن کە تێچوی کە مەزەندە دەکرا ١٠ ملیار دۆلاری تێبچێت.

## سەرچاوەکان

### Links

EIA Links

EIA: Country Information on Syria

U.S. Government

CIA World Factbook

U.S. State Department – Consular Information Sheet – Syria

Other Links

Oxford Business Group

AlBawabaSyroil

Al-Furat Petroleum Co.

Syrian Petroleum Co.

Gulfsands Petroleum

Euro-Arab Mashreq Gas Market Project

Nabucco Pipeline

Syrian Oil and Gas News

### Sources

Agence France Presse
Al- Furat Petroleum Co.
APS Review Oil and Gas Mar ket Trends
BBC World wide Monitoring
Business Middle East
Daily News Egypt
Energy Intelligence Group
Global Insight
Government of Syria , Ministry of Petroleum and Natural Resources
Syrian Petroleum Company
Gulfsands Petroleum Co.
International Energy Agency
Middle East Economic Survey (MEE S )
Oxford Business Group
Syrian Arab News Agency ( SANA )
Syrian News Digest
Syrian Petroleum Company (SPC)
TendersInfo
UPI Energy
U.S. Energy Information Administration (EIA)

### Contact Info

cabs@eia.gov
(202) 586-8800
cabs@eia.gov